





هۆنراوەی... Heinrich Heine
1797-1856

وەرکێڕانی له ئەڵمانیەوە... ئیسماعیل کەریم


# بەس تەنها تۆ

ئومێدمه ...!!!
که هەرگیزتۆ له یادت نەکەم.
ئێسته لێره دانیشتووم
کاتیش هێواش تێدەپەڕێت
لەدوورەوە، ڕوخساری تۆ به دی دەکەم .
لەخۆم دەپرسم بۆچی وا
بێ تۆی خەریکه دەمخوا ؟
بڵێی تەنها ئەمه خەوێکی تووڕە بێت
له چاوانم هەڵدێی کەوا؟
بۆچی تەنها تۆ بۆ من هەر مایەی خەم بیت؟
لەوەی هێشتا

سەرەتای خۆشەویستمان دەست پێ دەکا ؟
دڵنیام کە ئێستەکە تۆ لەوسەرەوە
بۆ خوارەوە بۆم دەڕوانی
ئەو کاتانەی سەر هەڵدەبڕم
تۆ دەبینم کە ڕاماوی
روخسارییێکی ڕەنگ پەمەیی
قژێکی سووری خەنەیی
هیوام تەنها هەر ئەوەیە
نەکەی ڕۆژێ لە یادم کەی
جێم هێڵیت بۆ هەمیشەیی
بیکەیتە هاوڕێم بۆ تەمەن
خەمێکی ڕەنگ وەنەوشەی
منیش پەیمانت پێ دەدەم
ئەم هەوارە،جێ نایەڵم، چۆڵی ناکەم
هەتا مابم
ڕووخساری تۆ، ئەوینی تۆ لەیاد ناکەم
هەتا مابم